Research Center

# بەشی نۆیەم: کەرتی خانووبەرە و ئاماژەکانی نیو راپرسی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

28-02-2022

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** لەم بەشەدا تیشک دەخەینەسەر دۆزراوە سەرەکییەکان و ئاماژەکانی نیو راپرسیی راپۆرتی بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان کە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لەبارەی بازاڕی خانووبەرە ئەنجامدراوە. لەڕاستیدا چەندین دۆزراوەی سەرەکی بۆ کۆمپانیا و دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان لەسەر کەرتی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەخت تێدایە، بەڵام لێرەدا لەسەر دوو ئاست هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، یەکەم: ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی گۆڕانکارییەکان لە بازاڕی خانووبەرەدا و دووەم: ئاماژە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نیو راپرسییەکەیە کە لەوانەیە بەهۆی کەرتی خانووبەرە رووبدات.

**مەحموود بابان*** ـناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو |

**بەرایی**

لەم بەشەدا تیشک دەخەینەسەر دۆزراوە سەرەکییەکان و ئاماژەکانی نیو راپرسیی ڕاپۆرتی بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان کە لەچوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەی ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو لەبارەی بازاڕی خانووبەرە ئەنجامدراوە. لەڕاستیدا چەندین دۆزراوەی سەرەکی بۆ کۆمپانیا و دامەزراوە حکومی و تایبەتەکان لەسەر کەرتی خانووبەرەی هەرێمی کوردستان و هەولێری پایتەخت تێدایە، بەڵام لێرەدا لەسەر دوو ئاست هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، یەکەم: ئەو هۆکارانەی دەبنەهۆی گۆڕانکارییەکان لە بازاڕی خانووبەرەدا و دووەم: ئاماژە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی نیو ڕاپرسییەکەیە کە لەوانەیە بەهۆی کەرتی خانووبەرە ڕووبدات.

**گۆڕانکارییەکانی نێو کەرتی خانووبەرە**


سەرەتا ئەوەی جێگەی ئاماژەیە کارکردنی رەگەزی مێنەیە لەم کەرتەدا. لەماوەی دوو بۆ سێ دەیەی رابردوودا هەموو ئەوانەی کاریان لەم کەرتەدا دەکرد لە رەگەزی نێرینە بوون، بەڵام ئێستا رەگەزی مێینەش لەم کەرتەدا کار دەکات و هەیە خاوەن کۆمپانیای تایبەت بە خانووبەرەیە. هەروەها، لەرووی تەمەنەوە زیاتر لە یەک لەسەر سێ، ئەوانەی لەم کەرتەدا کار دەکەن تەمەنیان لەنێوان 25 بۆ 35 ساڵیدایە.

**کاریگەری گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر کەرتی خانووبەرە**

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان کە کاریگەری لەسەر بازاڕی خانووبەرە هەبووە، هەواڵە سیاسییەکانە. ئەم ناوچەیە گۆڕانکاری سیاسی گەورەی تێدا ڕوودەدات، لەماوەی دەیەی رابردوودا چەندین ڕووداوی سیاسی گرنگ کە کاریگەرییان لەسەر بازاڕی خانووبەرە هەبووە لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، وەک هاتنی داعش کە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر کۆی کەرتەکان بە خانووبەرەشەوە دانا. هەربۆیەش 63.4% ئەو کەسانەی لەم کەرتەدا کار دەکەن رایان وابووە کە هەواڵی سیاسی کاریگەری لەسەر بازاڕی خانووبەرە و کڕین و فرۆشتن دەبێت. هەروەها، 82.4% رایان وابووە، پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش کاریگەری لەسەر گۆڕانکارییەکان و جوڵەی بازاڕ لەم کەرتەدا دروستدەکات، بە واتایەکی دیکە هەبوونی پەیوەندییەکی باشی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەمانای جوڵەی بازاڕ دێت، بەپێچەوانەشەوە هەر راستە.

خاڵێکی دیکە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدایە، لەسەروو هەمووشیانەوە کاریگەری دابینکردن و پێدانی بودجەیە لە لایەن بەغداوە بە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەم کەرتە بەشێوەیەک، کە 53% رایان وابووە کە ناردنی پشکی یاخود بەشە بودجە هەرێمی کوردستان لەلایەن بەغداوە کاریگەری لەسەر بازاڕی خانووبەرە هەیە. هەرچەندە یەکێک لە خاوەن نووسینگەکان لەکاتی ئەنجامدانی ڕاپرسییەکەدا ئاماژەی بەوەکرد کاریگەرییەکە بەمانای ئەوە نایەت خەڵک دەتوانێت خانوو یاخود شوقە بکڕێت، بەڵکو دڵنیایی دەداتە وەبەرهێنەر و بازرگانان و تەنانەت ئەو کەسانەشی بەنیازی کڕینی خانوو و شوقەن سەردانی بازاڕەکان دەکەن تا بەدوای نرخەکاندا بڕۆن، کە ئەمەش بەواتای درووستبوونی جوڵە دێت لەبازاڕەکەدا. هەروەها نزیکەی سەروو 40%ی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە رایان وابووە کە گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوورییەکانی دوای 2005 کاریگەرییان لەسەر کەرتی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان هەبووە، بڕوانە گرافیکی یەک لەبارەی کاریگەری ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لەسەر سێکتەری خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان.

گرافیک 1: کاریگەری رەوشی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر سێکتەری خانووبەرە




سەرچاوە: بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان، 2021 ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو

لەڕاستیدا، هەر سێ ڕەهەندی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی ئاماژەی روونی لەبارەی ئێستا وداهاتووی بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان دەخاتەڕوو. بەشێوەیەک ئاماژە سیاسییەکانیش بریتین لەکاریگەری رەوشی ئەمنی، سیاسی و پەیوەندی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەنیوخۆدا و پەیوەندی نێوان هەولێر و بەغدا کە بەتەواوی کاریگەری لەسەر ئەم کەرتە دادەنێت.

ئاماژە ئابوورییەکانی نیو راپرسییەکەش بەمجۆرەن: گەشبینی بە داهاتووی بازاڕی خانووبەرە و بەرزبوونەوەی نرخی خانووبەرە هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام لەرووی ئابوورییەوە ئەوەی مەترسییە تەنیا 46%ی ئەوانەی خانوو و شوقە دەکڕن بۆ ئەوەیانە خۆیان بچنە ناوی، لەکاتێکدا 19.6% بۆ مەبەستی بازرگانی، هەروەها 34.5% بەمەبەستی بەکرێدان! کە ئەمەش نیشانەیەکی ئابووری روونە لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی ئەم کەرتە و بەشداریی لە ئابووری هەرێمی کوردستان. بۆ نموونەش لەرووی کرێیەوە ئەگەر سەرمایەی 1 ملیۆن دۆلار لەم کەرتەدا بخەیتە کار ئەوا مانگانە زیاتر لە 5 هەزار دۆلار داهاتی دەبێت و لەساڵێکدا دەکاتە 60 هەزار دۆلار. ئاماژەیەکی دیکەی ئابووری هاتنی سەرمایەی بازرگانان و دەوڵەمەندانی بیانی و بەتایبەتیش خەڵکی ناوەڕاستی عێراق و شارە سونییەکانی نزیک لە هەرێمی کوردستان(عەرەب) بۆ کڕینی خانوو و شوقە، کە ئەمەش سەرەڕای هێنانی سەرمایە، لەوانەیە لە داهاتوودا ئاریشە جیاوازی وەک سیاسی و  کۆمەڵایەتی لەهەمبەر هەرێمی کوردستان و کورد لێبکەوێتەوە.

هەروەها لەروانگە کۆمەڵایەتییەوە لەبارەی کاریگەریی جیابوونەوە و پێکهێنانی ژیانی هاوژینی لەسەر کەرتی خانووبەرە، بەپێی بەشداربووانی ئەم راپرسییە، 5.46 %رایان وابووە تاڕادەیەک کاریگەری هەبووە، 5.39 %رایان وابووە کاریگەری نەبووە، بەڵام 14 %رایان وابووە کاریگەری لەسەر کرێ و بەکرێدانی شوقە و خانوو هەبووە. لە پرسیارێکی دیکەدا لەبارەی ئەوەی داخوازی لەسەر شوقە بۆ نیشتەجێبوون زیاترە لەلایەن گەنجانە یاخود ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە، 6.47% پێیانوایە ئەوانەی هاوسەرگیرییان کردووە و 55.24 %پێیانوایە گەنجان!، هەروەها 9.27 %یش دەڵێن نازانین.

ئاماژەیەکی دیکەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە  زیادبوونی کڕیارانی بیانی و بەتایبەتیش عەرەب لە هەرێمی کوردستان، بەپێی راپرسییەکە 73.1% بەشداربووان رایان وابووە کڕینی شوقە و خانوو لەلایەن عەرەبەوە زیادیکردووە، کە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی بۆ نموونە هاتنی سەرمایەکی 60 هەزار بۆ 100 هەزار دۆلاری بۆ ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستان لێکدراوەتەوە؟ چ سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی پەیڕەدەکرێت بۆ تێکەڵکردنیان بەکۆمەڵگەی کوردی بۆ ئەوەی لە داهاتوودا نەبێتە کێشە؟

خاڵێکی دیکەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان کڕینی شوقە لەلایەن ئەوانەی تازە هاوسەرگیرییان کردووە، کە بەپێی داتاکانی یەکێک لە کۆمپانیاکانی خانووبەرە، بەتایبەتیش لەرووی نیشتەجێبوون لە شوقە لە هەولێر ئەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە دەبینرێت، ئەویش بەهۆی دڵنیابوون لە سەلامەتی، هەبوونی خزمەتگوزاری و دڵنیاییەکی کۆمەڵایەتییە لە پرۆژەکانی شوقەدا بە بەراورد بەپێشتر کە رایەکی خراپ لەبارەی تێکەڵی و داخراوی لە شوقەدا هەبووە.

**کۆتایی**

لەکۆتاییدا، ئەنجامی راپرسییەکە دەریدەخات کە 39.9% بەشداربووان گەشبینن و 42.40% تاڕادەیەک گەشبین و تەنیا 6.7 رەشبینینن بە داهاتووی ئەم کەرتە لە هەرێمی کوردستان. هەروەها ئاماژەیان بەوەکردووە ساڵ بەساڵ نرخەکان روو لە بەرزبوونەوە دەبێت، بەشێوەیەک 59.9% بەشداربووان رایان وابووە کە نرخی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان لەساڵانی داهاتوودا بەرزتر دەبێتەوە، هەرچەندە گۆڕانکارییە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکان کاریگەرییەکی گەورەیان لەسەر جوڵەی بازاڕی خانووبەرە لە هەرێمی کوردستان هەیە.